# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە(٣٤٠) ساڵی بیست و شەش ٢٩ کانوونی دووەم ٢٠٢٦زایینی ٩ ڕێبەندان ٢٧٢٥ کوردی ١٠ شعبان ١٤٤٧ کۆچی

340

**ڕێنمایی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ناوخۆ** لا ١

ڕێنمایی مەرجەکانی سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو لە هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ٨

تایبەت بە مۆڵەتی خۆتەرخانکەر لە هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار** ١٢

هەمواری دووەمی ڕێنمایی دابەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ هەموارکراو

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی ناوخۆ** ١٣

فراوانکردنی حەرەمی گوندی (دارهۆزان)

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی ناوخۆ** ١٣

گواستنەوەی گوندی (سلێمانەگردە)

**بەیانی ژمارە (١ - ٢ - ٣ - ٤ )ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی داد** ١٤

**بەیانی ژمارە (٢ - ٣)ی ساڵی ٢٠٢٦ وەزارەتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ١٦

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٩٩٨٠ لە ٢٠٢٥/١٢/١٧**

## ڕێنمایی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٥
## ڕێنمایی مەرجەکانی سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو لە هەرێمی کوردستان

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕگەی (١) لە بەشی (٣٤) بڕگە یاسای هاتووچۆی بەرکار لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ هەمواركراو، و بڕگە (١)ی ماددەی (٣) لەوەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە کۆنووسی هاوبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالی عێراق تایبەت بە یەکخستنی ڕێنمایی مەرجەکانی سەلامەتی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو وکۆنووسی هاوبەشی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایانەیە کە بەرامبەریان دیاریکراوە:

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.

٢- **وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- **بەڕێوەبەراتی هاتووچۆ:** بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

٤- **ئامێری سکانەر:** ئەو ئامێرەیە کە بۆ مەبەستی پشکنینی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو بەکاردێت بۆدڵنیابوون لە هەبوونی مەرجەکانی سەلامەتی و تۆمارکردن و نوێکردنەوەی ساڵیانەی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو.

٥- **ئۆتۆمبێلی(سفر) کیلۆمەتر:** ئەو ئۆتۆمبێلەیە کە لە (٢٠٠) کیلۆمەتر زیاتر نەڕۆیشتووە و بەپێی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە هاوردەکراوە.

٦- **ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو:** ئەو ئۆتۆمبێلەیە کە زیاتر لە (٢٠١) کیلۆمەتر بەرەو سەرەوە ڕۆیشتووە کەبەپێی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە هاوردەکراوە.

٧- **ئۆتۆمبێلی شاسی بڕاوە:** ئەو ئۆتومبێلەیە کە شاسییەکەی یان پارچەیەکی بڕاوەتەوە و بە لەحیم بەیەکەوە لکێنراوەتەوە و براکێتی دەعامی ئۆتۆمبێل کە بە شاسییەوە لکاوە بە بەشێک لە شاسی ئەژمار ناکرێت.

٨- **ئۆتۆمبێلی سووتاو:** ئەو ئۆتۆمبێلەیە کە تەواو سووتاوە بە ئاگر و چاککراوەتەوە.

٩- **ئۆتۆمبێلی ژێرئاوکەوتوو:** ئەو ئۆتۆمبێلەیە کە بەر لافاو یان ژێر ئاو کەوتووە و چاککراوەتەوە.

١٠- **ئۆتۆمبێلی (هایبرێد):** ئەو ئۆتۆمبێلەیە کە لە بنەڕەتدا لە کۆمپانیای دروستکەرەوە بە سووتەمەنی بەنزین و هێزی کارەبایی پاتری کار دەکات.

١١- **ئۆتۆمبێلی کارەبایی:** سوارۆیەکە بەهێزی ماتۆڕێکی کارەبایی یان زیاتری خۆپاڵنەرو بەپاتری کار دەکات و بارگاوی دەکرێتەوە.

١٢- **ئۆتۆمبێلی خانەی سووتەمەنی** (Fuel Cell Electric Vehicles - FCEV): ئەو ئۆتۆمبێلەیە بە هێزی ماتۆڕێک یان زیاتری کارەبایی خۆپاڵنەر بۆ بزواندنی کار دەکات کە هیچ گازێک دەرنادات و ووزە کارەباییەکەی لە ڕێگەی سیستەمی خانەی هایدرۆجینی بەرهەم دەهێنێت و هیچ ماتۆڕێکی سووتاندنی ناوخۆیی بەکار ناهێندرێت.

١٣- **ئۆتۆمبێلی سالفج** (Salvage): ئەو ئوتۆمبێلەیە کە لەو وولاتەی بەکارهاتووە تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە یان دزراوە و دواتر فرۆشراوەتەوە بۆ هەناردەکردن بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە(ماددەی سێیەم) دیاری کراوە هاوردکراوە.

**ماددەی (٢):**

مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی مەرجە گشتیەکانی هاوردەکردنی و سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو بەپێی ئەو ستانداردانەی کە لەم ڕێنماییە دیاری کراون.

## مەرجە گشتی و هونەرییەکانی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** پێویستە ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو ئەم مەرجانەی دادێن تێدا بێت.

١- شاسی بڕاوە نەبێت.

٢- ژێرئاو کەتوو نەبێت.

٣- سووتاو نەبێت.

٤- بڕوانامەی (COC) هەبێت کە لە کۆمپانیاکانی کوالێتی کۆنترۆڵ لە دەروازە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان پێ درابێت.

٥- ئۆتۆمبێلی صالۆن، ستیشن، بارهەڵگر (١تەن و ٢تەن و٣تەن) و کرێ کەمتر لە (٢٥) سەرنشین دەبێت بە لایەنی کەم دوو (ئێرباگ)ی هەبێت (لای شوفێر و تەنیشت شوفێر) و کاربکات.

٦- ئامێری (ABS) هەبێت و کاربکات بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لەبڕگەی ٥/یەکەمی سەرەوە دیاری کراون.

٧- دەبێت ئەگزۆزی ئۆتۆمبێلەکە سەندوقی (CATALYTIC CONVERTER)ی تێدابێت بۆ کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە.

٨.سیستەمی (ABS) یان هاوشێوەی هەبێت بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە (٤) تەن زیاتر و کار بکات.

**دووەم:** ئۆتۆمبێلی نەفەرهەڵگر لە (٢٥) سەرنشین زیاتر و بارهەڵگر لە (٤) تەن زیاتر و کشتوکاڵی و بیناسازی (الزراعیة والانشائیة) مەرج نییە ئێرباگی هەبێت.

**سێیەم:** ئۆتۆمبێلی ستێرنی لای ڕاست یان (محەوەڕ) هاوردەکردنی قەدەغەیە و تۆمار ناکرێت.

**چوارەم:**

١- ئۆتۆمبێلی جۆری تاکسی (صالون) سفر کیلۆمەتر هاوردە دەکرێت بە مەرجێک هەمان ڕەنگی ڕێگەپێدراو و کارپێکراو بێت لە کوردستان و بەپێی ڕێنمایی تۆمارکردنی تاکسی نوێ ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥ دەکرێت بە تاکسی.

٢- ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو لە وڵاتی هاوردەکراو بۆ(پۆلیس و تاکسی) هاوردەکردنی قەدەغەیە و تۆمارناکرێت.

**پێنجەم:** ئۆتۆمبێلی هاوردەکراوی تەواو کارەبایی و هایبرێد لە ڕەسمی گومرکی لە چوارچێوەی مۆدێلی ڕێگەپێدراو بەخشراون.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:**

١- ئامێری سکانەر لە سەرجەم دەروازە سنورییەکان دادەنرێت بە مەبەستی دڵنیابوون لە هەبوونی مەرجە هونەرییەکانی خاڵی (٣،٢،١)ی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی سێیەمی ئەم ڕێنماییە لەکاتی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و بڕوانامەی (COC) لە خاڵی سنووری دوای پشکنینی سکانەر بۆ ڕێکدەخرێت.

٢- ئامێری سکانەر لەسەرجەم بەرێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دادەنرێت بە مەبەستی دڵنیابوون لە هەبوونی مەرجە هونەرییەکانی خاڵی (٣،٢،١)ی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (سێیەم)ی ئەم ڕێنماییە لە کاتی تۆمارکردن یان نوێکردنەوەی ساڵیانەی ئۆتۆمبێل.

٣- لەکاتی دەرنەچوونی ئۆتۆمبێل لە پشکنینی سکانەر، خاوەن ئۆتۆمبێل بۆی هەیە ناڕەزایی پێشکەش بکات و دەبێت بە ئامێرێکی دیکە سکانەر پشکنینی بۆی بکرێت و ئەنجامی دووەمی سکانەرەکە یەکلاکەرەوە دەبێت.

٤- ئەو ئۆتۆمبێلانەی دوای دوو پشکنینی سکانەر دەرناچن خاوەنەکەی سەرپشک دەکرێت بیگەڕێنێتەوە یان ببڕدرێت لەسەر ئەرکی خۆی بۆ (٤) چوار پارچە (بەمەرجێک کەڵکی نەمێنێت بۆ دووبارە لکاندنەوە و لێخوڕین) و ڕێگای پێ دەدرێت بە پارچەی یەدەگ بیفرۆشێت.

**دووەم:**

١- لیژنەیەکی هونەری لە دەروازە سنورییەکانی (پەرویزخان، باشماخ، ئیبراهیم خلیل و حاجی ئومەران) وهەر دەروازەیەکی دیکەی سنووری کە لە ئایندەدا ئۆتۆمبێل لێ هاوردە دەکرێت پێک دەهێنرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئۆتۆمبێلەکە بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە هاوردەکراو لەم لایەنانەی خوارەوە:

| ز | نـــــاو | پسپۆری | پـــایە |
|---|---|---|---|
| ١ | نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگا | ئەفسەر | سەرۆکی لێژنە |
| ٢ | نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگا | بەراد | ئەندام |
| ٣ | نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پارێزگا | بەراد | ئەندام |

٢- پێکهێنانی لێژنەیەکی هونەری لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی پارێزگاکانی (هەولێر، دهوک، سلێمانی) بەمەبەستی پشکنینی هونەری ئۆتۆمبێلە هاوردەکراوەکان پێش تۆمارکردنیان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئۆتۆمبێلەکە بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە هاوردەکراوە، لەم لایەنانەی خوارەوە:

| ز | نـــــاو | پسپۆری | پـــایە |
|---|---|---|---|
| ١ | نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگا | ئەفسەر | سەرۆکی لێژنە |
| ٢ | نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگا | بەراد | ئەندام |
| ٣ | نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پارێزگا | بەراد | ئەندام |

٣- لیژنەکانی پشکنینی ئۆتۆمبێل کە لە بڕگەکانی (٢،١)ی سەرەوە دیاری کراون بەردەوام دەبن تا ئەو کاتەی ئامێری سکانەری پشکنینی ئۆتۆمبێل لە دەروازە سنورییەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ دادەنرێت.

٤- بڕی (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار وەردەگیرێت وەک کرێی کارگێری لە کاتی پشکنینی ئۆتۆمبێل بەئامێری سکانەر لە دەروازە سنوورییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ.

٥- بڕی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت وەک کرێی کارگێڕی لە کاتی پشکنینی ئۆتۆمبێل لەلایەن لیژنەکانی سەرەوە تا ئەو کاتەی ئامێری سکانەری پشکنینی ئۆتۆمبێل لە دەروازە سنورییەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ دادەندرێت.

٦- ئەو بڕە پارانەی کە لەبڕگەی(٤و٥) دیاریکراوە دەخرێتە سەرحسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

## مۆدێلی ڕێگەپێدراوی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بەپێی ئەم مۆدێلانەی خوارەوە دەبێت:

١- ئۆتۆمبێلی (صالون و ستیشن): (٣) سێ مۆدێل بە مۆدێلی ساڵی دروستکردنییەوە.

٢- ئۆتۆمبێلی پاص لە (٢٥) سەرنشین و کەمتر: (٣) سێ مۆدێل بە مۆدێلی ساڵی دروستکردنییەوە.

٣- ئۆتۆمبێلی پاص لە (٢٥) سەرنیشین زیاتر (٩) نۆ مۆدێل بە مۆدێلی ساڵی دروستکردنییەوە.

٤- ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر (١) تەن: (٣) سێ مۆدێل بە مۆدێلی ساڵی دروستکردنییەوە.

٥- ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر (٣،٢) تەن: (٤) چوار مۆدێل بە مۆدێلی ساڵی دروستکردنییەوە.

٦- ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر (٤) تەن و زیاتر: (٩) نۆ مۆدێل بە مۆدێلی ساڵی دروستکردنییەوە.

٧- ئۆتۆمبێلی بیناسازی (انشائیة): (١٦) شانزە مۆدێل بە مۆدێلی ساڵی دروستکردنیەوە.

٨- ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵی (زراعیة): (١٩) نۆزدە مۆدێل بە مۆدێلی ساڵی دروستکردنییەوە.

٩- ئۆتۆمبێلی کەرەڤانە (مۆتورهۆم): (١٧) حەڤدە مۆدیل بە مۆدێلی ساڵی دروستکردنییەوە.

**دووەم:** هاوردەکردنی ماتۆرسیکل:

١- هـاوردەکردنی ماتۆرسـکیل (دوو، سـێ) تـایە قەدەغەیە بـۆ مـاوەی (٤) چوارسـاڵ لە بەرواری بەرکاربوونی ئەم ڕێنماییە.

٢- هاوردەکردنی ماتۆرسکیل (دووتـایە و تەواو کارەبـایی و مـۆدێلی سـاڵ) تەنهـا بـۆ ئەم لایەنـانەی خوارەوە ڕێگەپێدراوە:

أ- فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ب- کۆمپانیاکانی (دلیڤەری پۆسـت) ئەوانەی کە لەلایەن وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیانـدن مـۆڵەتی فەرمیان هەیە، ماتورسکێلی (٤) تایە (پولاریس- off road) بە ژمارەی کشتوکاڵی تۆماردەکرێـت بە مەرجێک بەپێی ئەم ڕێنماییـانە هـاوردەکراو بێـت و ڕێگانادرێـت لەسـەر شـەقامەکان هـاتووچۆ بکەن و لەکاتی بینینیان لەسەر شەقامەکان دەستی بەسەردا دەگیرێت بۆ ماوەی یەک هەفتە و بڕی (٥٠٠،٠٠٠)پێنج سەد هەزار دینار پێبژاردنی بە خاوەنەکەی دەکرێت و ئەم بڕە پارەیە دەخـرێتە سـەر پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

**سێیەم:** هاوردەکردن و تۆمارکردنی (توك توك) بە هەمووشێوەیەك قەدەغەیە.

**چوارەم:** هیچ ئۆتۆمبێلێکی خوار ئەو مۆدێلانەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم مـاددەیە دیـاری کـراوە لە دەروازە سنورییەکان ڕێگەیان پێ نادرێت بهێنرێنە ژوورەوە.

## هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی کلاسیک و قەڵغان (درع)

**ماددەی (٦):**

١- ئۆتۆمبێلی کلاسیك لە جۆری (صالون و ستیشن) هاوردەکردنی ڕێـگە پێـدراوە (٥٠) پەنجـا مۆدێـل بەمۆدێلی ساڵی دروستکردنییەوە، و لە مەرجـی بڕگەکـانی (٧،٦،٥/ یەکەم لە مـاددەی سـێیەمی ئەم ڕێنماییە بەخشراون) و بۆ ماوەی (٥) ساڵ دوای تۆمارکردنی کڕین و فرۆشتنی پێناکرێت.

٢- ئۆتـۆمبێلی قەڵغـان (درع) هـاوردە دەکرێـت بەپێـی مەرجـی سـاڵ و مەرجە هونەرییەکـان کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە بە ڕەزامەندی وەزیری ناوخۆ و بۆ ماوەی (٥) سـاڵ دوای تۆمـارکردنی لەسـەر ناوی هاوردەکار و کڕین و فرۆشتنی پێناکرێت.

## لێخۆشبوون و هەڵاوێرکردنەکان

**ماددەی (٧):**

**یەکەم: لێخۆشبوون:** هیچ جۆرە بەخشینێك لەگـومرك بـۆ ئۆتـۆمبێلی هـاوردەکراو ناکرێـت، جـگە لەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی دەقی یاسایی لە یاسا بەرکارەکان بەخشراون.

**دووەم: هەڵاوێرکردنەکان (الاستـثنائات):**

١- هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی (صالون و ستیشن)ی (٤) پستۆن یان هایبرێد یان کارەبایی کە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت ئامادەکراوە (٣) سێ مۆدێل بە مۆدێلی ساڵی دروسکردنییەوە.

٢- ئۆتۆمبیلی (Mini van) بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت هاوردەکردنی (٥) پێنج مۆدێل بە مۆدێلی ساڵی دروستکردنییەوە بە مەرجێك خۆی توانای شوفێری ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلەی نەبێت و کەسێکی شوفێری بۆ بکات.

٣- ئەوئۆتۆمبێلانەی کەبۆخاوەن پێداویستی تایبەت هاوردە دەکرێت لێخۆشبوونیان بۆدەکرێت لە ڕسوماتی گومرگ و ڕسوماتی تۆمارکردن.

٤ - ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە بڕگەی (٢،١)ی سەرەوە دیاری کراون فرۆشتنیان تا (٥) پێنج ساڵ قەدەغەیە، و ئەگەر خاوەن پێداویستی تایبەت ئارەزووی فرۆشتنی هەبێت پێش ئەو ماوەیە پێویستە ڕسوماتی گومرك و ڕسوماتی تۆمارکردن بدات.

٥- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کەلە بڕگەی (٢،١)ی سەرەوە دیاری کراون ئەگەر تووشی ڕووداوی هاتووچۆ بێت و کەڵکی بەکارهێنانیان نەمێنێت بەپێی ڕاپۆرتی فەرمی پشکنین، خاوەن پێداویستی تایبەت دەتوانێت هەڵیبوەشێنێتەوە (ترقین قید) و ئۆتۆمبێلێکی دیکە هاوردەبکات بە هەمان مەرجەکانی کەلەسەرەوە دیاریکراوە.

٦- خاوەن پێداویستی تایبەت دەتوانێت دوای تێپەڕبوونی (٥) ساڵ لەسەرتۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی یەکەم بە هەمان مەرجەکانی کە لەم ماددەیە دیاری کراوە ئۆتۆمبێلێکی دیکە هاوردەبکات و دەتوانێت ئۆتۆمبێلی یەکەم بفرۆشێت.

٧- لەکاتی گیان لەدەستدانی خاوەن پێداویستی تایبەت میراتگرەکانی دەتوانن ئۆتۆمبێلە کەبفرۆشن بەبێ پێدانی هیچ ڕسوماتێکی گومرگی و تۆمارکردن.

٨- خاوەن پێداویستی تایبەت ئەو کەسەیە کە بەڕاپۆرتی پزیشکی لە لێژنەی پزیشکی پسپۆڕ و ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و کار کاروباری کۆمەڵایەتی بە خاوەن پێداویستی تایبەت دیاریکراوە، و توانای لێخورینی ئۆتۆمبێلی هەیە.

٩- ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت بە ژمارەی شارستانی (تایبەت) تۆماردەکرێت.

١٠- تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل بەناوی خاوەن پێداوستی تایبەت سوودمەند بەپێی ماددەی (حەوتەم) نابێتە هۆکاری بڕینی مووچەی خاوەن پێداویستی تایبەت.

١١-

أ- تۆمارکردنی یەکەمین جار بۆ ئۆتۆمبێلی (تەواو کارەبایی) بێ بەرامبەری دارایی و بێ وەرگرتنی بڕە پارەی یاسایی ساڵانە ژینگە.

ب- گشت تێچووە داراییە یاساییەکان و کرێیە کارگێڕییەکان دیکەی هاتوو لەهەر بڕیار و ڕێنمایی و بەیانێك تایبەت بە تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل بۆ ئۆتۆمبێلی (تەواو کارەبایی) وەردەگیرێت جگە لە خاڵ (أ)ی سەرەوە.

## ئەحكامە گشتییەکان

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** ڕێگـا دەدرێـت بە هـاوردەکردنی بـۆدی ئۆتـۆمبێلی سـاڵۆن و ستەیشـن و کـابینەی پشـت و پێشەوەی پیکاب و کابینەی پێشەوەی بـارهەڵگر بەمەرجێـك لەو جـۆرانە بـن کە بە برغـوو و پـیم بەشانسییەکەوە بەستراونەتەوە و هیـچ جـۆرە لەحیمێـك نـاکەوێتە نێـوان شانسـییەکەو بۆدیـو کابینەکە و بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە جۆری شاسییان پەیژەیین (سلم).

**دووەم:** لێژنەیەکـی پشـکنینی هـاوبەش لە نێـوان بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گـومرگ و بەڕێـوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ پێکدەهێندرێت بە مەبەستی پشکنینی ئۆتۆمبێلە کە دوای جێگیرکردنی بۆدی یان کابینەکە لەسەر شاسییەکە بەپێی برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی لەحیم.

**سێیەم:** گۆڕینی بۆدی یان کابینە بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆ دەبێت دوای ئەنجامدانی پشکنین لەلایەن لیژنەیەکی هونەری هاتووچۆ.

**چوارەم:** گـۆڕینی بـۆدی یـان کـابینە بـۆ ئەو ئۆتـۆمێلانە ئەنجامـدەدرێت بە مەرجێـک لەسـەر هەمـان شێوەو ڕوخساری پێشووی خودی ئۆتۆمبێلە کە بێت.

**ماددەی (٩):**

**یەکەم:**

١- مۆدیلی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو بە هەموو ساڵێك لە (٩/١) دەگۆڕدرێت.

٢- برگەی (١)ی سەرەوە لە ٢٠٢٦/٩/١ جێبەجێ دەکرێت.

**دووەم:**

١- ئۆتۆمبێلی (تایبەت و ستیشـن)ی هـاوردەکراو پێویسـتە لە مـاوەی (٩٠) نەوەت ڕۆژ لەلایەن کڕیـار تۆماربکرێت لە ڕۆژی کڕینی لە کۆمپانیا یان پێشەنگا بە گوێرەی گرێبەستی ئەلیکترۆنی.

٢- ئۆتـۆمبێلی (تـایبەت و ستیشـن)ی هـاوردەکراو پێویسـتە لەدوای یەک سـاڵ لە ڕێکەوتـی هاوردەکردنی تۆماربکرێت، ئەگەر لەلایەن کۆمپانیا یان پێشانگا نەفرۆشرا.

٣- هاووڵاتی بۆی هەیە ساڵانە ((١) یەك ئۆتۆمبێل لە جۆری تایبەت و ستەیشن) هاوردە بکات.

٤- ئۆتـۆمبێلی جۆرەکـانی دیـکە هـاودەکراو (جگەلە خـاڵی (٢)ی ئەم مـاددەیە)، مـاوەی تۆمـارکردنی بەکراوەیی دەمێنێتەوە لە ڕێکەوتی هاوردەکردنی، ئەگەر لەلایەن کۆمپانیا یان پێشەنگا نەفرۆشرا.

٥- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کەپێش دەرچوونی ئەم ڕێنمـاییە بە فەرمـی لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێـم هاوردەکراون و ژمارەی کاتییان پێدراوە و بەهۆی هەبوونی کێشە تۆمارنەکراون سـوودمەند دەبـن لەم ڕێنماییە ئەگەر کێشەکانیان چارەسەر بکات.

**ماددەی (١٠):**

١- هەڵوەشاندنەوەی ڕێنمایی ژمـارە (٧)ی سـاڵی ٢٠٢١ و هەموارەکـانی بە ڕێنماییەکانمـان ژمـارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ و (١)ی ساڵی ٢٠٢٥ و (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ و کار بە هـیچ بەیـان و نووسـراوێك ناکرێـت دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە.

٢- ئەم ڕێنمـاییە لە ڕۆژی ٢٠٢٦/١/١ کـاری پێـدەکرێت و لە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٢٦ - ٢٢٤ لە ٢٠٢٦/١/١٢**

پاڵپشت بەماددەی (١٨) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ و ماددەی (١٢) لەیاسای هەموارکراوی یاسای ناوبراو ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦**
**مۆڵەتی خۆتەرخانکەر لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١): پێناسە:**
مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە، واتاکانی بەرامبەریانە لەم ڕێنماییە:
**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.
**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم.
**سێیەم: وەزیر:** وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم.
**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکان و ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان.
**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ئیدارە سەربەخۆکانی زاخۆ – سۆران - ڕاپەڕین.
**شەشەم: خاوەن پێداویستی تایبەت:** هەر کەسێک توانای بەڕێوەبردنی کارە ئاساییەکانی خۆی نەبێت بە ڕێک وپێکی بەهۆی لەکار کەوتن یان لەدەست دانی ئەندامێکی جەستەی، یان ڕوودانی کەم وکورتی لە توانای هزری یان لە هەستەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام یان بەشێوەیەکی دووبارە وەکوو خووگرتن (الصرع).
**حەفتەم: کەمئەندام:** ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتانەی کە بەشێک لە جەستەیان لەدەست داوە یان لەکار کەوتوە.
**هەشتەم: خۆتەرخانکەر:** هەرکەسێك چاودێری کردنی خاوەن پێداویستی تایبەت دەگرێتە ئەستۆ.
**نۆیەم: پەککەوتەی بزوێنی جەستەیی:** ئەو کەسانەی تەمەنیان بۆ پیاو لە (٦٠) ساڵ وبۆ ژن لە (٥٥) ساڵ زیاترە بەهۆی چوونە ناو تەمەن یان بەهۆی نەخۆشی تووشی پەککەوتەیی جەستەیی بزوێنی دەبن.
**ماددەی (٢): ئەوانەی سوودمەند دەبن لەم ڕێنماییە:**
**یەکەم:** ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتانەی پێویستە ڕێژەی پەککەوتەکەیان ١٠٠٪ بێت بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی:
١- پەککەوتەی جەستەیی بزوێنی.
٢- نابینا.

٣- دەردە فیل.

٤- ئیفلیجی مێشك.

٥- شیزۆفرینا.

**دووەم:** ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتیانەی ڕێژەی پەککەوتەکەیان لە (٨٠٪) کەمتر نەبێت بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی:

١- ئۆتیزم

٢ -داون

٣- بیرکۆڵ

**سێیەم:** ئەو خاوەن پێداویستی تایبەتیانەی تووشبووی ئەو جۆرە نەخۆشیانەی خوارەوە بوونە بەپێی راپۆرتی لیژنەی پزیشکی.

١- شەکرەی جۆری یەکەم (تایپی یەکەم) بۆ منداڵی خوار (١٥) ساڵ.

٢- تالاسیمیا.

٣- هیموفیلیا.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** مۆڵەتی خۆتەرخانکەر ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتانە ناگرێتەوە که لەکەرتی گشتی یان تایبەت کاردەکەن.

**دووەم:** پەککەوتەی جەستەی بزوێنی بەساڵاچوو مۆڵەتی خۆتەرخانکەر نایانگرێتەوە.

**سێیەم:** پەککەوتەیی بزوێنەری جەستەیی بەساڵاچوو ئەگەر لەئەنجامی ڕووداوێک یان بەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆ تووشی ئەو پەککەوتەیی بێت بەڕێژەی (١٠٠٪) بەپێی راپۆرتی پزیشکی ئەوە سوودمەند دەبێت لەمۆڵەتی خۆتەرخانکەر.

**ماددەی (٤): مەرجە پێویستەکانی خۆتەرخانکەر:**

**یەکەم:** توانای تەواوی هەبێت و گونجاو بێت بۆ چاودێریکردن و هاوکاریکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت، و لەڕووی جەستەیی و دەروونیەوە تەندروست بێت.

**دووەم:** پلەی نزیکی لە پلە یەکەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت بێت ، ئەگەر نەبوو ئینجا لە دەرەوەی خێزانەکەی بێت بەپێی پلەی خزمایەتی و نزیکی لێیەوە.

**سێیەم:** دانیشتووی هەمان شوێنی نیشتەجێبوونی کەمئەندام بێت بەپێی پسوولەی خۆراك یان کارتی زانیاری.

**چوارەم:** دایکی کەم ئەندام دەبێتە خۆتەرخانکەر بۆی ئەگەر ژنی ماڵەوە بێت، جگە لە:

١- ئەگەر دایکەکە تووشی پەککەوتەییەک بوو بێت کە توانای چاودێریکردنی منداڵە خاوەن پێداویستی تایبەتیەکەی نەبێت وڕێژەکەی لە (٦٠٪) کەمترنەبێت و یان تووشبووی نەخۆشی شێرپەنجە بێت و بەپێی ڕاپۆرتی لیژنە پزیشکی.

٢- لەکاتی هەبوونی زیاتر لەیەک خاوەن پێداویستی تایبەت لە خێزانەکەیدا.

**پێنجەم:** نابێت کەسێك لەیەك کاتدا خۆی بۆ چاودێریکردنی زیاتر لە دوو خاوەن پێداویستی تایبەت لەخێزانێکدا تەرخان بکات (دەبێت دوو خاوەن پێداویستی تایبەتەکە لەیەك ماڵدا بن).

**ماددەی (٥):**

نابێت خۆتەرخانکەر هیچ کارێک بکات چ لەکەرتی تایبەت یان لە ڕێکخراو و کۆمەڵەکان، بێجگە لەچاودێریکردنی وسەرپەرشتی سوودمەند.

**ماددەی (٦):**

بۆ سوود مەند بوون لە مۆڵەتی خۆتەرخانکەر مەرج نیە خاوەن پێداویستی تایبەت سوودمەندی کۆمەکی کەمئەندامی بێت.

**ماددەی (٧):**

لەحالەتی هەبوونی دوو خاوەن پێداویستی تایبەتی (دوو ئۆتیزم - یان دووئیفلیجی مێشک - یان ئۆتیزم و ئیفلیجی مێشک) لە یەک خێزان مۆڵەتی، خۆتەرخانکەر دەدرێت بە باوک و دایک پێکەوە.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** مۆڵەتی خۆتەرخانکەر نادرێتە ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتانەی کە لەماڵەکانی حەوانەوە بەشێوەی بەردەوامی دەژین.

**دووەم:** مۆڵەتی خۆتەرخانکەر ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتیانە ناگرێتەوە کە لە دەرەوەی وڵات دەژین جگە لەوانەی بۆ چارەسەری پزیشکی دەبردرێنە دەرەوەی وڵات بە پێی ئەم مەرجانە:

١- پێویستی بە چارەسەری پزیشکی هەیە لە دەرەوەی وڵات بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی پێویستە و ماوەی مانەوەی لەدەروەی وڵات (نابێت لە ٦ مانگ) زیاتر بێت.

٢- خۆتەرخانکەر بەڵێننامە پڕبکاتەوە بەگەڕانەوەی بۆ هەرێمی کوردستان و ڕێکەوتی چوون و گەڕانەوەی دیاری بکات.

٣- پێویستە خۆتەرخانکەر پێش گەشتکردنی بۆ دەرەوەی وڵات مۆڵەتی پێدرا بێت.

**ماددەی (٩):**

باوك و دایك بۆیان هەیە بە ڕێکەوتن یەکێکیان مۆڵەتی خۆتەرخانکەر وەربگرێت بەمەبەستی چاودێری کردنی منداڵە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکەی.

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم:** ماوەی مۆڵەتی خۆتەرخانکەر (٢) دوو ساڵە و هەر دوو ساڵ جارێک نوێ دەکرێتەوە.

**دووەم:** نابێت ماوەی نێوان پێشکەشکردنی داواکاری بۆ مۆڵەتی خۆتەرخانکەر و ڕاپۆرتی پزیشکی پێشکەشکراو لە شەش (٦) مانگ زیاتر بێت.

**سێیەم:** ئەو حالەتانەی چارەسەری پزیشکیان نیە وەک (لەدەست دانی ئەندامی لەش - داون - هیمۆفیلیا تالاسیمیا - یان هەر حاڵەتێک بسەلمێت بەپێی راپۆرتی پزیشکی) تەنها یەک جار راپۆرتی لیژنەی پزیشکی پێشکەش دەکات.

**چوارەم:** مۆڵەتی خۆتەرخانکەر پاش یەک مانگ لە مردنی خاوەن پێداویستی تایبەت هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (١١): لیژنەکانی تایبەتمەند بە مۆڵەتی خۆتەرخانکەر:**

**یەکەم:** لیژنەی باڵای دیوان: بەفەرمانی وەزیر پێکدەهێنرێت لە سێ کەس، بەمەبەستی پێدانی مۆڵەتی خۆتەرخانکەر و بەدواداچوون بۆ لیژنەکانی تری مۆڵەتی خۆتەرخانکەر.

**دووەم:** لیژنەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بەفەرمانی بەڕێوەبەری گشتی پێک دێت لە سێ کەس (یاسایی - توێژەرێکی کۆمەڵایەتی و یان دەروونی - فەرمانبەرێکی تر) بە مەبەستی:

١- تێخوێندنەوەی داواکارییەکان و دیاریکردنی پێویستبوونی خاوەن پێداویستی تایبەت بەخۆتەرخانکەر و گونجاوی کەسی خۆتەرخانکەر و بەرزکردنەوەی داواکاریەکە بۆ لیژنەی باڵای وەزارەت.

٢- بەدواداچوون بۆ خۆتەرخانکەرانی مۆڵەت پێدراو لە ناوەندی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

٣- بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی بەدواداچوون بۆ لیژنەی باڵای وەزارەت.

**سێیەم:** لیژنە لاوەکیەکان: لەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە دوورن لەسەنتەری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و بەپێی پێویستی بەفەرمانی بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕێوەبەر پێکدەهێندرێت، بەمەبەستی:

١- بەرزکردنەوەی داواکاری مۆڵەتی خۆتەرخانکەر بۆ لیژنەکانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان.

٢- بەدواداچوون بۆ کەیسەکانی خۆتەرخانکەر لە سنووری کاری خۆیان و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی تایبەت بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەشێوەی وەرزی یان لەکاتی پێویست.

**ماددەی (١٢): حوکمە سزاییەکان:**

هەرکەسێك خۆی تەرخان کردبێت بۆ چاودێری کردنی کەمئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمتەرخەمی بکات لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەیدا یان ئەگەر دەرکەوت کە کارێکیتر دەکات سزادەدرێت بەپێبژاردن کە لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینارکەمتر نەبێت و لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سەرباری هەڵوەشانەوەی مۆڵەتەکەی هەموو ئەو مووچانەی وەریگرتوون لەماوەی مۆڵەتەکەیدا لێی وەردەگیرێتەوە.

**ماددەی (١٣):**

بە دەرچوونی ئەم ڕێنماییە لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستان ڕێنمایی مۆڵەتی خۆتەرخانکەر لەهەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ وهەموارەکانی هەڵدەوەشێتەوە و کاریان پێناکرێت.

**ماددەی (١٤):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار**
**ژمارە: ٥٨ لە ٢٠٢٦/١/١٩**

پاڵپشت بە ماددەی (٥٧) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەكان لە هەرێمی كوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ هەمواركراو، وە بە مەبەستی جێبەجێ كردنی فەرمانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە(٤٣٦٣) لە ٢٠٢٥/١١/٢٦ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەركرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦**
**هەمواری دووەمی ڕێنمایی دابەشكردنی زەوی بەسەر فەرمانبەران لە هەرێمی كوردستان**
**ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ هەمواركراو**

**ماددەی (١):**
بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی (١) هەموار دەكرێتەوە دەقەكە بەم شێوەیە دەبێت:
**یەكەم:** فەرمانبەر: (فەرمانبەرانی هەمیشەیی و گرێبەست لەلایەنە فەرمییەكانی هەرێمی كوردستان لە بواری ڕاژەی مەدەنی و سەربازی و هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ).
**ماددەی (٢):**
ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەكرێت لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان).

**ساسان عەونی**
**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٤٤٧ لە ٢٠٢٦/١/١٣**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦**
**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (دارهۆزان)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە هەردوو نووسراوی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ ژمارە (٢٨٤) لە ٢٠٢٥/٩/١٦ و (٣٦٤) لە ٢٠٢٥/١٢/١٤ و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٣٣٩٣٧) لە ٢٠٢٥/١١/٢ و ئاماژە بە نووسراوی نووسینگەی سەرۆک وەزیران ژمارە (١٣٥٨) لە ٢٠٢٥/٩/١٠، و لە بەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی (**دارهۆزان**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە سنوری ناحیەی رزگاری/ ئیدارەی سەر بەخۆی زاخۆ بە ڕووبەری (٢٢،٢٣،٣١) بیست و دوو دۆنم و بیست و سێ ئۆلک و سی و یەک مەتر دووجا لە سەر پارچە زەوی ژمارە (٤٤) لە کەرتی ١٧/دارهۆزان وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی ئیدارەی سەر بەخۆی زاخۆ لە سەرەوە هاتووە و بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لەڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٧٤٠ لە ٢٠٢٦/١/١٥**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٦**
**گواستنەوەی گوندی (سلێمانەگردە)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٠٤٦٩) لە ٢٠٢٥/١١/٢٠، و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:-

**یەکەم:** گواستنەوەی گوندی (**سلێمانەگردە**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/٥ لە ڕێنمایی سەرەوە سەر بەقەزای بازیان لە پارێزگای سلێمانی بە ڕووبەری (-،٣٣،٢٠) سی وسێ دۆنم و بیست ئولک لە سەر بەشێک لە پارچە زەوییەکانی (١٠، ١١، ١٣/٣، ١٣/٤، ١٣/٧، ١٦) لە کەرتی (٣/سلێمانەگردە) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لەڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فورمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٦-٤ لە ٢٠٢٦/١/٤**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦**

لەبەر بەرژەوەنـدی گشـتی و پاڵپشـت بەو دەسـەڵاتەی پێمـان دراوە، وە دوابەدوای بەیـانی ژمـارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٥ بڕیارماندا بە هەڵوەشانەوەی بڕگەی چوارەم سەبارەت بەڕاگرتنی ئیش و کارەکانی فەرمانگەی دادنووسی هەولێر و دەوروبەری لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت احمد عبداللە**
**وەزیـری داد**

---

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٢٠-١٨٢ لە ٢٠٢٦/١/١٤**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمـارە (١٣)ی سـاڵی ٢٠٠٧ وە لە بەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:

١- کـردنەوەی ( تێبینەرایەتـی تۆمـارکردنی خـانووبەرەی باتیفـا ) لە قەزای باتیفـا لە ئیـدارەی سەربەخۆی زاخۆ.

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجـێ دەکرێـت و لە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاو دەکرێتەوە.

**فەرسەت احمد عبداللە**
**وەزیـری داد**

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٦-٣٠٨ لە ٢٠٢٦/١/٢١**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٦**

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا:
١- بەڕاگرتنی ئیش و کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی ڕاپەڕین بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/٢/٣ تاکو ٢٠٢٦/٢/٥) بەمەبەستی گۆڕینی شوێنەکەیان و گواستنەوەی کەل و پەلی باڵەخانەکەیان.
٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێ بە جێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیـری داد**

---

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٦-٣٨٩ لە ٢٠٢٦/١/٢٧**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٦**

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە:
١- ڕاگرتنی ئیش و کارەکانی فەرمانگەی دادنووسی ڕاپەڕین بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/٢/٤ تاکو ٢٠٢٦/٢/٥) بەمەبەستی گۆڕینی شوێنەکەیان و گواستنەوەی کەل وپەلی باڵەخانەکەیان.
٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیـری داد**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٢٦-٣١٧ لە ٢٠٢٦/١/١٨**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتمان ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:

١- هێنانەکایەی (استحداث) گۆڕینی ناوی کۆمەڵگای چالاکی منداڵانی تەق تەق بۆ سەنتەری چالاکی و پاراستنی منداڵانی تەق تەق سەربە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کۆیە.

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری لەسەر دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٢٦-٣١٦ لە ٢٠٢٦/١/١٨**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتمان ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی یەکەی سەنتەری چالاکی کۆمەڵایەتی لە شارەدێی کەورگۆسک سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر.

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری لەسەر دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد(٣٤٠) السنة ستة وعشرون ٢٩ كانوني الثاني ٢٠٢٦م. ٩ ڕێبەندان ٢٧٢٥ ك. ١٠ شعبان ١٤٤٧ هـ.

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice


# 340

| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| تعليمات رقم (١٤) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الداخلية | ١ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٦ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ٨ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٦ وزارة البلديات والسياحة | ١٢ |
| بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٦ وزارة الداخلية | ١٣ |
| بيان رقم (٢) لسنة ٢٠٢٦ وزارة الداخلية | ١٣ |
| بيان رقم (١ - ٢ - ٣ - ٤) لسنة ٢٠٢٦ وزارة العدل | ١٤ |
| بيان رقم (١ - ٢) لسنة ٢٠٢٦ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ١٦ |


No. 340 Date: January 29, 2026 - Vol.: 25

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٥٥٠٨ ٢٢٤ ٠٦٦ - ٥٥٠٧ ٢٢٤ ٠٦٦ - ٥٥١٤ ٢٢٤ ٠٦٦